## خۆپیشاندانی ڕەوەندی کوردی لە سیدنی دژی هەڕەشەکانی تورکیا




ڕۆژی هەینی 2007/11/16 لە کاتژمێر 12ی نیوەڕۆ  لە سەر بانگەوازی کۆمیتەی دژی هەڕەشەکانی تورکیا لە ئوستراليا و پاش کۆمەڵێک ئامادەکاری ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان و پیاوانی ڕەوەندی کوردی و نوێنەرانی چەند ڕێکخراوێکی سۆسیالیستی و ئازادیخوازی ئوسترالی لە وێستگەی شەمەندەفەری ئیچکلیفەوە بە کۆمەڵێک دروشمی جۆراوجۆرەوە کەوتنە ڕێ بەرەو کۆنسلخانەی تورکیا.

ژمارەیەکی زۆر پۆلیس و هێزی ئاسایش ڕژابوونە ئەو ناوەو هەر لە وێستگەی شەمەنەفەرەکەوە بە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکەیان ڕاگەیاند کە ژمارەیەک خەڵک لە لایەنگرانی دەوڵەتی تورکیا لە بەردەم کۆنسلخانە کۆبونەتەوە و ئێمە بۆ ڕێگری لە هەر  جۆرە کێشەیەک بە پێویستی دەزانین کە خۆپیشاندانەکەتان لە ژێر چاودێری پۆلیسدا بەڕێوە بچێت.






پاش ئەوەی ڕێپێوانەکە گەیشتە شوێنی خۆی و پۆلیس ڕێگەی نەدا بڵندگۆ بەکاربهێنیین، بە بیانوی ئەوەی زۆر گەورەیە و ئەو جۆرانە پێویستی بە ڕەزامەندی لەوەوپێشی پۆلیس هەیە.
سەرەتا عامر سابیر ڕێورەسمی خۆپیشاندانەکەی دەستپێکرد بە وتەیەک بە ئینگلیزی و ئاماژەی بەوە کرد کە بەم خۆپیشاندانە هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردستان مەحکوم دەکەین و بوونی بنکەی پەکەکە هۆی سەرەکی هەڕەشەکانی تورکیا نییە و خوازیاری هەڵوەشانەوەی قەراری پەرلەمانی تورکیاین کە لە 2007/10/17 داوێتی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان.
پاشان دڵپاک تاهیر وتەی کۆمیتەی بە کوردی خوێندەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە هەڕەشەکانی ڕژێمی تورکیا هەمیشە بۆتە مایەی ماڵوێرانی خەڵکی مەدەنی و بێتاوانی کوردستان.
ئینجا نوێنەری ڕێکخراوی هاوپەیمانی سۆسیالیستی و ڕێکخراوی سۆلیداریتی پەیامی پشتیوانی خۆیان خوێندەوە.



دواتر ئەحمەد موعین یاداشتنامەی کۆمیتەکەی خوێندەوە کە بڕیار بوو بدرێتەی کۆنسڵی تورکیا.

پاش ماوەیەک دروشمدان و سرود خوێندنەوە، جەبار مستەفا بە ناوی کۆمیتەکەوە سوپاسی بەشداربووانی کرد وە ڕونیکردەوە کە کۆنسڵی تورکیا بە پۆلیسی ڕاگەیاندووە کە ئامادە نییە یاداشتنامەکەمان لێوەربگرێت، بەڵام ئێمە جۆرەها ڕێگەی تر دەگرینە بەر و بەردەوام دەبین لەسەر چالاکییەکانمان تا پاشگەزبوونەوەی ئەم حکومەتە ملهوڕە لە هەڕەشە و هێرشەکانی.



شایانی باسە ئەو کەسانەی هاتبوونە بەردەم کۆنسڵخانەی تورکیا بۆ بەرگری لە کۆنسڵخانەکەیان و لە دژی ئێمە، چەند جارێک هەوڵی شێواندنی خۆپیشاندانەکەیاندا، بەڵام خۆپیشاندەرانی ڕەوەندی کوردی هەم بەدانی دروشمی لەبار و هەم بە پشتگوێ خستنی هەوڵە بێهودەکانیان، سەرکەوتوانە کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکە هێنا.

## کۆمیتەی دژی هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردستان لە ئوستراليا
## 2007/11/17